Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080311

# (یاخیبون لەنیشتمان لە شیعرەکانی لە تیف هە ڵمە ت) دا

شوانە نوری عبداللە
بەشی مێژوو . کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان . زانکۆی هەڵەبجە
سەردار ئەحمەد گەردی
بەشی کوردی . کۆلێجی پەروەردە . زانکۆی سەڵاحەددین

**پوختە**

چەمکی یاخیبون بابەتێکی فرەواتاو فرە ڕەهەندە، پوختەی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی تیۆریەوە زاراوەی چەمکەکەی ڕونکردووەتەوە بەپێی فەرهەنگ، کەخۆی لەواتاکانی (سەرکەشی ، لادان ،دەچوون لەسنوور، بێ ئەمری، شکاندنی نەریتەکان دەگرێتەوە ). زیاتر پەیوەندی بەباری کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئاینیەوە هەیە، بەکورتی مرۆڤی یاخی ئەوکەسەیە، کەدەڵێت نەخێر. لەلایەکی ترەوە مێژووی ئەم چەمکە ڕونکراوەتەوە بۆپێش هاتنی ئاینی مەسیح و ئاینی ئیسلام، بەتایبەتی لای ئەفسانەی گەلانی ڕۆژهەڵات وەك (بابلی و سۆمەر)یەکان . کەمێژووەکەی بۆ 2000 ساڵ پێش لەدایك بوونی حەزرەتی مەسیح دەگەڕێتەوە. پاشان هەموو قۆناغەکان لە ئیغریقەوە بۆ پۆست مۆدێرنیزم بەنموونەوە خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، کەهەرقۆناغەو ڕەهەندی تایبەتی خۆی بەواتای ئەم چەمکە دەدات هەم لەڕوانگەی ئاینەوە هەمیش لە ڕوانگەی فەلسەفەو ئەدەبەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا بەکورتی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی یاخیبون وەك هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئاینی ڕونکراوەتەوە، کەتاڕادەیەك لەیەکەوە نزیکن، لەبەشە پراکتیکیەکەشدا، کەتایبەتە بە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت )هۆکارە (خودی)و(بابەتییەکانی) یاخیبوونی شاعیر ڕاڤەی بۆکراوە، ئەرکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە سەلماندنی ئەوفاکتەیە(لەتیف هەڵمەت) شاعیرێکی یاخی مرۆیي و ئازادی خوازوو یەکسانی خوازە، کەلەڕێگەی دەقەکانییەوە ئەوڕاستیانە سەلمێندراون، لەلایەکی تریشەوە ئەم توێژینەوەیە یاخیبونی وەك دیاردەیەکی ئەرێنی ناساندووە لەپێناوی دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر بۆمرۆڤایەتی. ئەوەش ڕوونکراوەتەوە یاخیبونی شاعیر لەنیشتمان هەربەتەنیا ڕەتدکردنەوەی نیشتمان نییە، بەڵکو شاعیر بەدونیا بینییەکەی خۆیەوە هەمیشە نیشتمانێکی جیاوازتر بونیاد دەنێت، یاخیبوونی ئەم شاعیرە زۆرجار ئەچێتە نێو ڕەتکردنەوەیەکی میتافیزیکیەوە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆکاریگەری لایەنەسۆفیگەریەکەی.

*Article Info*

Received: June , 2021
Accepted : July ,2021
Published :October ,2021

*Keywords*

زاراوەی یاخیبوون، چەمکی یاخیبوون، مێژووی یاخیبوون، هۆکارەکانی یاخیبوون.

*Corresponding Author*

Shwana.abdulla@uoh.edu.iq
dr.sardrgardy@gmail.com

## پێشەکی

چەمکی یاخیبون پەیوەندی ڕاستەو خۆی بە مرۆڤەوە هەیە، ئەم چەمکە خوێندنەوەی جیاواز لە خۆدەگرێت واتە فرە ڕەهەندە. ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەلە یاخیبوندەکات وەك چەمك و زاراوە بەتایبەتی لەڕوانگەی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە، ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە( یاخیبوون لەنیشتیمان لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت)دا، خۆی لەدووبەشی سەرەکیدا دەبینێتەوە، بەشی یەکەم تیۆریەو لەسێ پارێکهاتووە، لەپاری یەکەمدا زاراوەو چەمکی یاخیبوون بەپێی فەرهەنگ و پاشانیش چەمکە لەڕوانگەی ئایینی ودەروونی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفیەوە خراوەتا ڕوو،لەپاری دووەمدا مێژووی ئەم چەمکە دیاری کراوە سەرەتا لەڕوانگەی ئەفسانەو ئایینەوە پاشان لەڕووی فەلسەفەوە هەرلەڤۆناخی ئیغریقی کۆنەوە تا سەردەمی پۆست مۆدێرنیزم، دیدگای دیارترین فەیلە سوفەکان بەجیاوازی بۆچوون و قۆناخە جیاوازەکانی ژیانیانەوە لەناو مێژوودا بەکورتی خراوەتە ڕوو. لەپاری سێیەمدا هۆکارەکانی یاخیبون وەك هۆکاری ئایینی دەروونی کۆمەڵایانی بەجیاوازی بیروڕای کۆمەڵناسان و زانایانی بواری دەروونی، ئایینی تیشکی خراوەتە سەر، بەشی دووەمیش پراکتیکیەو کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)لەخۆدەگریت، ئەومیتۆدەی بۆشیکاری دەقەکان بەکارهاتووەمیتۆدی(وەسفی شیکارییە)سنووری توێژینەوەکە لەڕووی مێژووییەوە هەرلەسەرەتای مرۆڤایەتیەوە تاقۆناخی پۆست مۆدێرنیزم لەخۆدەگریت، لەڕووی پراکتیکیشەوە هەمووديوانەکانی شاعیر لەخۆدەگرێت، تەنها چەند نموونەیەکمان بەکورتی باسکردووە، لەکۆتایشدا پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی وعەرەبی نووسراوە لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان .

بەشی یەکەم: (زاراوەو چەمکی یاخیبون)

پاری یەکەم: (زاراوەی یاخیبیبون)لەفەرهەنگی(هەمبانە بۆرینە)دا(یاخی)بەمانای(شەڤی، چەمی بێبوار،مانگرتوو) هاتووە.(موکریانی، 1388: 56). لەهەمان فەرهەنگداو لەزمانی فارسیدا (متمرد) لەبەرامبەر (یاغی، کوەسعب عبور، روودخانەگدار، اعتصاب کردە) دانراوە، لەفەرهەنگی (مامۆستا)دا، لەبەرامبەر (یاخی) (مانگرتووی )داناوە (ئیسماعیل،2009: 121). لەفەرهەنگی قانونی( عەرەبی، کوردی، فەرەنسی، ئینگلیزی) یەکەی دکتۆر(نوری تاڵەبانی)دا بەم شێوەیە زاراوەکەی خستۆتەڕوو(تمرد) بەواتای (یاخیبون) یان(Rebelliion) دێت.(تاڵەبانی، 2010: 121). لەفەرهەنگی (خاڵ) دا واتای یاخیبونی بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە ( دەرچوونی گیاندار لەئەندازەی خۆی). (خاڵ، 2005، 529).لەفەرهەنگی(ئۆکسفۆرد)دا وشەی(Rebte) وەك ناو لەبەرامبەر(یاخی)، (هەڵگەڕاوە) بەکارهاتووە . Rebete وەکوفرمان لەبەرامبەریدا وشەکانی(یاخیدەبێت، ڕادەپەڕێت لەدژی، ڕادەپەڕێت لەپێناو گۆڕانکاری) بەهەمان شێوە بەواتای (Revolution) هاتووە.( خۆشناو،2010: 217)ئەوەی جێگەی سەرنجە واتای (یاخی) بە (شۆڕش) هاتووە، بەڵام ئەم دوو زاراوە جیاوازیان هەیە، چونکە شۆڕش ماناو دەلالەتێکی فراوانتر لەخۆدەگرێت، دەکرێت یاخیبون زۆرجار کردەیەکی خوودی بێت، بەڵام شۆڕشکردن تایبەتمەندی خۆی هەیە.

چەمکی یاخیبون:

لەبەرئەوەی چەمکی یاخیبون فرە ڕەهەندو فرەواتایە ئاسان نییە بەتێڕوانینێکی ڕەهاو ئەبستراکت بناسێندرێت، ئەم چەمکە لەڕوانگەی(کۆمەڵناسی و دەروونی و ئایینی و ڕامیاری و ئابوورییەوە) خوێندنەوەو لێکدانەوەی جیاوازی بۆکراوە، بۆیە واپێویستە بۆ واتای ئەم چەمکە چەند دیدوبۆچوونێکی جیاواز وەربگرین. لەڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە بەم جۆرە چەمکەکە خراوەتە ڕوو(یاخیبون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، لەئەنجامی ئەوپاسا کۆمەڵایەتی و دابوو نەریتانەی بەسەر کەسەکاندا سەپێنراون هەندێك لەڕەخنەگران پێیان وایە ئەمە بەرئەنجامی لاوازی خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتیە لەئەنجامی ئەو بەریەککەوتنە جیاوازانەی کۆمەڵگەیە، کەلەدیدگاو بەهای جیاوازەوە بۆچەمکەکان سەرچاوە دەگرن. ئەمەش جۆرێکە لەڕاکردن و مامەڵەی خراپ وياخیبون لەدژی ئەو شکستانەی کەسی یاخی لەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.( الطیب، 2016: 28). بەسەرنجدان لەو بۆچونەی سەرەوە دووهەڵوێست بەرجەستە دەبێت: لایەنێکیان ئەرێنییەو ئەوی تریان نەرێنی. لایەنە ئەرێنییەکە ئەوەیە مرۆڤ پێویستە گوزارشت لەدوونیا بینی خۆی بکات وداکۆکی کاربێت، هەرچی لایەنە نەرێنییەکەیە ئەوەیە، کە کەسی یاخی بە هەڵاتوو لەڕاستییە کۆمەڵاتییەکان وێنادەکات. ڕوانگەی( دەروونی) بۆچەمکی یاخیبون دەگەڕێتەوە بۆسەرەتای قۆناخی منداڵی، هەرچەندە بەتەواوەتی نایبە ستێتەوە بەسەردەمێکی دیاریکراوی تەمەنی تاکەوە، چونکە مرۆڤ لەهەموو قۆناخەکانی ژیانیدا ئاساییە تووشی دیاردەی یاخیبون ببێت بۆنموونە (جاك بریم) لەساڵی 1966 لەتیورییەکەیدا دەڵێت :(( یاخیبوون دیاردەیەکی دەروونیە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەو کاتەی ئازادی هەڵبژاردن لەلایەن تاکەوە دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە. ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆگۆڕانکاری لەهەڵسوکەوتوو کرداری مرۆڤدا. یاخیبونی دەروونی هێزێکی ناوەکیەو کاتێك سەرهەڵدەدات، کەئازادییەکان بەرتەسك دەکرێنەوە، وەك ئەو هەڵسوکەوتە توندو سنووردارانەی دایکان و باوکان لەبەرامبەر منداڵەکانیان پەیڕەوی دەکەن و هاوکات پەرچەکردارە توندەکانی منداڵ لەبەرامبەریاندا))( عوید، فرهود، 2017: 10). بەپێی بۆچوونەکەی (بریم) سێ هۆکاری سەرەکی هەیە، کەکار لەسەر قەبارەی یاخیبونی دەروونی تاکەکەس دروستدەکات( گرنگی هەڵسوکەوتی ئازاد، ڕێژەی ڕەفتاری لادەرانە یان لایەنی سەرزەنشت، قەبارەی سەرزەنشتکردن، هەتا سەرزەنشتکردن زیاتربێت پلەی یاخیبونەکە زیاتردەبێت).( القیق، 2017: 7).(سیگمۆن فرۆید 1865-1939)پێش(ئەدلەر)لەگرفتە دەروونیەکان دواوە ڕەمەکی سێکسی و چەپاندنی لەلایەن کۆمەڵگەو نەریتەوە بەهۆکاری سەرەکی یاخیبونوو داهێنان دادەنێت)(معروف،2012: 50).لەڕوانگەی ئایینیەوە چەمکی یاخیبون زیاتر پەیوەندی بەباوەڕوو وابەستەبوون بە بنەما پیرۆزەکانەوە هەیە( یاخیبون زیادەڕۆییە نەچوونە ژێربارو ڕەتکردنەوەی هەموو فەرمانێکی شەرعییە). (نورالدین، 1971: 443).لەڕوانگەی هەبونگەرایشەوە، کەتارادەیەکی زۆر پێچەوانەی کۆمەڵناس و مارکسیستەکان بیردەکەنەوە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی تاکگەرا دەبیننەوە، بۆنموونە (مارتن هایدگەر 1889. 1976) دەڵێت : ((ژیان دوو شێوازی سەرەکی هەیە، شێوازی یەکەمیان ڕەسەنەو ئەوی تریان ناڕەسەن.

لەشێوازی ڕەسەندا بوون بڕیاری خویدەدات و شێوازی ئاڕاستەی خۆی وەردەگرێت لەڕێگای بڕیارو هەڵبژاردنەکانی خۆیەوە، بەڵام شێوازی نارەسەن ئەو بوونەیە لەناو ئێستادا نووقم بووە بڕیارنامەو پێشینەکۆمەڵایەتییەکان بڕیاری لەسەر دەدەن)).(بۆکانی، 1999: 234). (کارل مارکس 1881، 1883) یاخیبونی مرۆڤ دەبەستێتەوە بەهۆکاری ئابوورییەوە، ئازادی مرۆڤ و ڕزگاری بەسەربەخۆیی ئابوورییەوە گرێدەدات((مرۆڤ لەناو ڕەوتی مێژوودا هەستاوە بەخوڵقاندنی ڕۆشنبیرییەك، کەدواتر ئەو ڕۆشنبیرییە ئازادی بۆدەخوڵقێنێت، بەڵام لەکاتێکدا لەکۆت و بەندەکانی ئابووری و هەژاری ڕزگاری بووبێت).( شریعتی، 1385: 165)، بەم بۆچوونانەی سەرەوە ئەوڕاستییە دەردەکەوێت، کە یاخیبون چەمکێکی فرە ڕەهەندەو ناتوانیین بەتەنیاو تێڕوانینێکی ئەبستراك بیناسێنیین .

پاری دووەم :( مێژووی یاخیبون)

بۆ دیاریکردنی مێژووی ئەم چەمکە پێویستە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ دەقە ئەفسانەییەکانی سۆمەری و بابلییەکان. (یاخیبوون لەلای سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە بۆ (2000 ساڵ پ.ز)، کاتێك (لیلیث) ژنی یەکەمی (حەزرەتی ئادەم) لەئادەم یاخیدەبێت و دەبێتە خۆشەویستی ئیبلیس( 2017).لەڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە مێژووی یاخیبون بۆ ئیبلیس دەگوڕێتەوە((إِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ)).(البقره، ايه:34). سەرچاوەی(الاغتراب فی تراث الصوفیه)هکەی(د.عبدالقادر موسى)ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆسەردەی (ئیغریقیەکان) لەو کاتەدا ئاینی (ئورفیەکان) هەبووە، کە ڕووەکی بوون و گۆشتیان یاساغ کردووە بەهۆی ئەوەی(تیتان)گۆشتی خواوەند(دینیسوسی)خوارد بەشێك لەگیانی ئەو خواوەندە ڕۆشتە ناو لەشی مرۆڤەوە). (موسى، 2001: ص21).لەڕوانگەی فەلسەفیشەوە یاخیبون دەگەڕێتەوە بۆلای فەیلەسوفی یۆنانی (هیراکلیتس 540- 475 پ.ز) دەیوت ئەم گەردوونە نەخواوەند نە مرۆڤ نەیان هێناوەتە بوون هەربووەو هەردەمێنێت). ( عزیز ،2012 : 75). لەپاش ئەم فەیلەسووفە((صۆفستاییەکان لەسەدەی پێنجەمی پێش زاییندا وەك کۆمەڵێك مامۆستای پیشەیی دەرکەوتن، کەبزوتنەوەیەکی یاخیبون، گومانیان خستەسەرئایین و گاڵتەیان بەدروشم(شەعیرە) کانی دەکردوو قسەوقسەڵۆکیان بەدەم خواوەندەکانەوە هەڵدەبەست)).(الحیدري، 2012 : 30). ((لەسەردەمی ڕۆمانییەکانیشدا (سپارتاکۆس لەساڵی (73) پ.ز، خۆیی وحەوت کۆیلە لەدەستەڵات و لەدژی سوپای (کراسوس) یاخیدەبن و سەرئەنجام بەمردنی هەموویان شۆڕشەکەیان کۆتایی دێت).(پەنا، 2011: 45). لەسەردەمی دەستەڵاتی خەلافەتی ئیسلامدا چەندبزووتنەوەیەکی یاخی سەریان هەڵدا لەوانە(( لەسەردەمی خەلافەتی ڕاشیدیندا بزووتنەوەی (خەوارج)پەیدابوون، کەدیدو تێڕوانینیان جیاواز بوو بۆدەسەڵات، شەرعییەتی دەسەڵات، شرۆڤەکاری بۆدەقەکانی قورئانی پیرۆزو دیاردەکۆمەڵایەتی و بنەما ئابوورییەکان ). (خەلیل ، 2009 : 8). یەکێکی تر لەو بزووتنەوە ئاینییە یاخیانەی، کەلەسەردەمی خەلافەتدا سەری هەڵدا (موعتەزیلە) بوو ((بەدیدو هزری نوێوە هاتنە مەیدان هەربۆیە زۆرجار بەیاخی و گومڕا تۆمەتباردەکران)).( ئەبوسعود، 2019: 5). ئەوەی پەیوەندی بەئەوروپاوە هەیە تێڕوانینێکی هەرەزۆروو جیاوازهەیە هەندێك لەوبۆچوونانە سەرەتای یاخیبون پەیوەستدەکەن بەسەردەمی ڕێنیسانسەوە بەتایبەتی لەبواری هونەر بەگشتی و ئەدەب بەتایبەتی نوێگەری زۆرگەورە ئەفرێندراوە(( دانتی 1265- 1321ز) کۆمیدیای یەزدانی پەنجەی بۆئەوەڕاکێشا، کەزمانی نەتەوە لەتوانایدایە لەبەرهەمی ئەدەبیدا لەبری زمانی لاتینی زمانی ئیتاڵی بەکاربهێنیت)). (مەزهەر ، 2006: 69). بەهەمان شێوە لەسەدەی شازدەهەمدا کۆمەڵێك یاخیبون ڕویدا لەبواری ڕیفۆرمی ئاینی و هونەریدا لەوانە((جیابوونەوەی پرۆتستانتە مەسیحییەکان لە کاتۆلیك مەزهەبەکان لەسەدەی شازدە دا)). ( ڕەشید، 2019: 65) . بەهەمان شێوە لەبواری هونەردا وەك (( لیۆناردو دافنشی 1452- 1519 ، میکائیل ئەنجیلۆ 1475- 1564 ، ڕۆفائیل سانتی 1483- 1520 ز) ئەم هونەرمەندانە بەجۆرێك کۆت و پێوەندیان بچڕاند هیچ لایەنێکی دیکەی زانستی مرۆڤایەتی نەیتوانی شان لەشانیان بدات، سەدەی هەژدە بەسەدەی ڕۆشنگەری ناسراوە لە ئەوروپا بەهۆی شۆڕشی فەڕەنساوە سەراپای دەسەڵات و بیروباوەڕەفەلسەفییەکان گۆڕانکاری مەزنیان بەسەردا هات، ((ڕۆڵی نووسەرەکانی وەك(ڤۆڵتێر 1694- 1778 ز ) (جان جاك ڕۆسۆ 1712- 1778ز) (دیدرۆ 1713- 1784ز) ڕۆڵی ئەم نووسەرو ئەدیبانە کەمترنەبوو لەجەنگاوەران لەشۆڕشی فەڕەنسادا)). عارف،2008:ل110). هەرچی دەربارەی (مۆدێرنێتە)و یاخیبونە ((مۆدێرنێتەوەك دیاردەیەکی گشتگیر لەسەرەتای سەدەی شازدەهەمدا لەئەوروپاسەری هەڵدا، باسی هەندێ ڕووداومان بۆدەکەن وەك ساڵی 1454 (گۆتینبەرگ)چاپی داهێنا و(کرستۆفەر کۆڵۆمبۆس 1492ئەمەریکای دۆزییەوەو (کۆپەرنیکۆس 1453 )سوڕانەوەی زەوی بەبەدەوری خۆردا ئاشکراکرد، بزوتنەوەچاکسازییەکەی( لوتەر ماتیوس 1517) لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی هیومانیزم لە(ئیتالیا) و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا) ( ساڵح، 2012 : 22). ئەوبیروڕایانەی لەقۆناخی مۆدێرنەدا سەریان هەڵدا بریتیبوون لە((بڕوابوون بەتوانای عەقڵ و زانست، دژایەتی کردنی ئایین، هیومانیزم، تاکگەرایی، دامەزراندنی کۆمەڵگای پیشەسازی، نوخبە گەرایی، بیرۆکراسی بوونی حکومەت، باوەڕبوون بەتیۆری گەشە، هیچگەرایی). (عوسمان ،2015:ل 164) . لەناوداوترین فەیلە سوفەکانی ئەو قۆناخە بریتیبوون لە :(ڕینە دیکارت 1569- 1650ز) : دیکارت خاوەنی فەلسەفەی تاکگەرایی و گومانگەراییە (( دیکارت ئاماژە بەگرنگی (خود) دەکات ، چونکە گەڕانەوە بۆ خود واتای ئازادی دەگەیەنێت، نەك بێهودەیی و بێهیوایی بەبڕوای ئەو مرۆڤ لەبونگەرایدا دەگەڕیتەوە بۆ خودی خۆی )). ( کلي رایت، 2011 : 97). (( فەلسەفەی عەقڵانیەتی دیکارت دەیەوێت لە ڕێگەی گومانەوە پەی بەڕاستییەکان بەرین و تەنانەت گومان لەبوونی خۆشمان بکەین )).(غالب، 2011 : 7). ((چەمکی کۆجیتۆی دیکارتی چەمکی خودە ئەوچەمکە لەسێ بەش پێکهاتووە،گومان، بیرکردنەوە، کەینوونە من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم، یان بەشێوەیەکی تر من گوماندەکەم، کەواتە من هەم )). ( دولوز ، 2010 : 112). (کانت 1724، 1804ز) یەکەم فەیلە سوف بوو میتا فیزیکی لەفیزیك جیاکردەوە. زۆرێك پێیان وایە ترۆپکی ڕۆشنگەری ئەوروپایە لەبەرئەوەی توانی عەقڵانییەت بگەیەنێتە دوامەنزڵی خۆی، هەروەها توانی فەلسەفە لەمەسیحییەت جیابکاتەوە ئەم کارەشی ترسی خستەدڵی هاوسەردەمەکانیەوە.(صاڵح ، 2012:

59).((ئیمێڵ برەییە، لەباشترین مێژوونوسانی فەلسەفەی ئەم سەدەیەیە لای وایەفەلسەفەی ڕەخنەیی بەهاگەلێکی لە پانتایی دەروونی و مەعنەویدا گەڕاندەوە بۆ باوەشی مرۆڤ، کە بەهۆی پەرەسەندنی ماتریالیزم وگومانکاری لەسەدەی هەژدەیەمدا زیانی لێکەوتبوو. هەر(کانت)دەرکەوت هەموو شتێك لە ئایین وئاکارو یاساو هونەر لەمە بەدواوە پێویستە لەڕێگەی عەقڵەوە هەڵسەنگێندرێت، لەسەدەی هەژدەیەم بەداوە هیچ بیرکردنەوەیەك لە فەلسەفەدانییە ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری فەلسەفەی کانتدا نەبووبێت)).( کاکی،2015: 83). (کارل مارکس1818-1883): وەك گەورەبیرمەندوو فەیلەسوفێکی سەدەی نۆزدە گۆڕانکاریەکی گەورەی لەهزری مرۆڤایەتی دا ئەفراند، ئەگەر فەیلەسوفەکانی پێش مارکس بووبنە هۆی جیاکاری لەنێوان قۆناغەکاندا، ئەوە مارکس کۆی مرۆڤایەتی دابەشکرد بەسەر دوو هزردا(ماتریالیستی وئایدیالیستی) مارکس لەگەڵ ئەوەی ستایشی هەوڵی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری کردووە، بەڵام زۆر بەقوڵی ڕەخنەی لێگرتن، چونکە نەیانتوانیوە مرۆڤایەتی لەچەوسانەوە ڕزگاربکەن.  ((بورجوازی گەلێ بەندی فیودیالی پساند، ئەو بەندانەی مرۆڤی بەسەروەرانی سروشتیانەوە دەبەستەوەو جگە لە سوودی ڕووت و دانوستاندنی دراوی وشك و بێڕۆح، هیچ بەندێکی دیکەی لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤدا نەهێشتەوە، بورجوازی خەرمانەی پیرۆزی هەموو کەڵکەڵەیەکی بەڕێزی پێشووی، کەبە پارێزەوە سەیر دەکران سرپەوە، پەچەی هەستەکانی لەسەر بنەماڵە داماڵی وپێوەندی بنەماڵەی کردە پێوەندی دراوی ڕووت، لەباتی ئەو چەوسانەوەی پەچەی وەهمی جۆراوجۆری سیاسی و ئایینی داپۆشیبوو، چەوسانەوەیەکی ئاشکراو بێشەرمانەو ڕووتی بەرهەم هێنا).(بێرمەن ،2005: 125). (فریدریك نیچە 1844-1900) وەکو گەورە فەیلەسوفێکی مۆدێرنەی سەدەی نۆزدەهەم یاخییە لەهەموو فەلسەفەی سەدەکای پێشوو، هەر لە ڕەوشت خوازی ئەفلاتونەوە هەتا عەقڵگەرایی سەدەی حەڤدە و ڕۆشنگەری سەدەی هەژدە هەموویان ڕەتدەکاتەوەو ڕەخنەی توندیان ئاڕاستە دەکات((فریدریك نیچە وێستگەی دیارو ڕادیکاڵانەی ڕەخنە گرتنی هزری ڕۆشنگەری پێکدەهێنێت، سەدەی هەژدە بە هەموو سیفەتێکی نەرێنی ناوزەد دەکات دوودڵیش نییە لەوەی پەلاماری دیارترین نوێنەرەکانیان وەك(ڕۆسۆ و کانت)بدات، بەڵام(ڤۆڵتێر)هەڵاوێر دەکات لەبەر ئەو هەڵوێستە ڕادیکاڵی لەهەمبەر کڵێساهەبوو).(ئاشقرا،2012: 142). (ڕەخنەی نیچە لەعەقڵگەرایی ڕێنیسانس و سەدەی هەژدە، سەرچاوە لەو ڕەخنانەوە هەڵدەگرێ، کە ئاڕاستەی عەقڵگەرایی گریك بەتایبەتی (سوکرات)کراوە، عەقڵگەرانی سەدەی مۆدێرنیش دەستی لەسەر هەڵدانی نیهیلیزم وبێهیوایدا هەبوو نیچە ڕۆشنبیری مۆدێرنیتە بە پوچترین جۆری ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا لەقەڵەم دەدا، ئەم ڕۆشنبیریە لەگەڵ مەسیحیەتی(پلاتۆن)دا چرۆ دەردەکاو لەسەر دەستی عەقڵخوازێکی وەك فەیلەسوفێکی ئەڵمانی(هیگڵ)دەگاتە ترۆپك و دەبێ بەگەورەترین گرفت لەبەردەم مرۆڤی ئوروپایی)).(حەمە ، 2002: 179). نیچە دەربارەی چەمکی ئەخلاق دەڵێت(( ئەخلاق ڕیژەییەو حوکمە ئەخلاقیەکانیش حەقیقەتی ڕەهانیین وبۆهەموو ئانوزەمانێك دەست نادەن)). (نووسەر، 2011: 80). دەربارەی هونەریش بۆچوونی نەرێنی هەیەو دەڵێت:((هونەر نوێنەرایەتی هێزێکی گەورە دەکات لەوەهم، ئەندێشەی جیهان مەزەندەدەکات لەپیاهەڵدانە درۆکان، درۆو ناڕاستی پیرۆزدەکات)).(زغبی ،2009: 23). (ژانپۆڵ سارتەر 1905-1980) وەك فەیلەسوفێکی هەبوونگەرا مرۆڤ بەئازادی مەحکوم دەکات، ئەوباوەڕی وایە بوون دەکەوێتە پێش ماهێتەوە وەك دەڵێت: (( مرۆڤ ئەو پڕۆژەیە، کەدەبێت ببێت، نەك ئەوەی بمانەوێت ببێت)). (غالب، 2006: 33) بەهەمان شێوە باوەڕی وایە مرۆڤ لەگۆڕانێکی بەردەوامدایەو هیچ پێش مەرجێك بۆهەبوونەکەی پەسەندناکات. (مرۆڤ خاوەنی هیچ تایبەتمەندیەکی زگماك نیە تەنیالەوشتانەپێك دێت، کەلەدوونیای بوونی خۆیدا بەدەستین دێنێت).(میهرین، 2009 : 402) . (ئەلبێرکامۆ 1913-1960ز) کامۆ وەك فەیلەسوفێکی وجودی یاخیبون بەجەوهەری مرۆڤ دەزانێت(( کامۆ هەروەکو (هایدگەرو سارتەر ) باوەڕی وایە مردن دەرچوون نیە لەوزە بایۆلۆجییەکەی، بەڵکو مردن ئەوەیە مرۆڤ ملکەچی یاساکۆمەڵایەتی ومیتافیزیکیەکان ببێت، ئەوباوەڕی وایە مرۆڤ، کەنەیتوانی بڕیاری یاخیبون بدات ئەوە لەمردنێکی بەردەوامدایە)). (عماد، 2002: 46). (کامۆ) بەپێچەوانەی (نیچە) بۆچوونێکی ئەرێنی بۆهونەر هەیەودەڵێت هونەر دەتوانێ جیهان بگۆڕێت ((هونەرجیهان دەگۆڕێت، هونەرمەندی یاخی هونەرێك بەرهەم دەهێنێت وێنەیەکی ڕەوا بەجیهان دەبەخشێت)). (ابراهیم، 1998: 173). یاخیبون لە قۆناخی (پۆست مۆدێرنیزم)دا زیاتر ڕەخنەگرتنەلە هەڵوێستوئەنجامەکانی مۆدێرنێتە، هەرچەندە هەندێك لە بۆچوونەکان بە تەواوکەری قۆناخی مۆدێرنەی دەزان وەك (هابرماز)دەڵێت:((پرۆژەی مۆدێرنە ناکامڵەو پێویستی بەتەواوکردنە، بەڵکو لایەنە باشەکانی مۆدێرنە شایەنی سەرلەنوێ بونیاد نانەوەیە)).(حەمە ،2002: 33). (ئارنۆڵد توینبی) دەربارەی پۆست مۆدێرنێتە دیدگای جیاوازی هەیە، کەدەڵێت: ((پۆست مۆدێرنیزم بەمانای سەردەمی لەناوچونی کەلتوری ئەوروپی پێشکەوتن و زاڵبوونی ناعەقڵانیەتە لە قەڵەم ڕەوی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا، کەواتە پۆست مۆدێرن قۆناغێکی مێژووییە کەلەگەڵ کۆتایی هاتنی قۆناغی نوێ دەستپێدەکات)).(ڕەئوف، 2015: 138).

نموونەی چەند فەیلەسوفێکی پۆست مۆدێرنیزم:

ژانفرانسۆ لیوتار(1924-1988)، ژیل دلوز(1925-1995)، میشال فۆکۆ (1926-1984)، ژان بودریار (1929- 2007)

((لیوتار ڕۆشنگەری بە پرۆژەیەکی یۆتۆپی و خەیاڵی وەسف دەکات کەلەسەر بەردی ڕەقی واقیع تێکشکاوە، تەنانەت ئەو ئایدۆلۆجیانەشی لەسەدەی نۆزدەو بیستدا لەئارادا بوون، وەك(لیبرالیزم و سۆسیالیزم ومارکیسزم)بەحیکایەتی مەزن ناویاندەبات پێی وایە لە ئێستادا سەردەمی ئەو حیکایەتانە بەسەر چووە، ئەوانە شکستیان خواردووەو لە ئێستادا ئێمە باجی ئەو شکستانە دەدەین)). (ئەحمەد، 2013: 55). (ژیل دولوز) دەربارەی لۆگۆ سێنتەریزمی ئەوروپی ڕەخنەدەگرێت. ((فەلسەفەی دولوز لەڕەخنەگرتندایە لە خولیای لۆگۆسێنترالیزمی شارستانی و دەست بەرداربوونی عەقڵی ئەوی ترو نەخۆشی خودپەرستی و بەرهەمهێنانی ئەزمونێکی فەلسەفی جیاواز)). (ڕەسوڵ،2010: 10). (فۆکۆ) یەکێك بوو لەوفەیلە سوفانەی، کەڕەخنەی ڕادیکاڵانەی لەپڕۆژەی مۆدێرنێتە هەبوو بەشکستخواردوو ناویدەهێنا((فۆکۆ نوێنەرایەتی ڕەوتی ڕەخنەگری توندی دەکرد لە عەقڵانیەت ومۆدێرنەی ڕۆژئاوا، ئەو باوەڕی وابوو، پرۆژەی

**مۆدێرنە شکستی خواردووە، پاش ئەوەی دوای دووسەد ساڵ خۆی تاقیکردەوە، چونکە نەبوویە مایەی ئازادکردنی مرۆڤ وەك چاوەڕوان دەکرا، بەڵکو بویە مایەی بە کۆیلە کردنی مرۆڤ و کۆت و بەند کردنی بەچەند کۆت و بەندێکی نوێی نەبینراو)).(سالًح،2012: 151). (ژان بودریار) دەربارەی رۆشنگەری ئەووروپی دەڵێت:((بەگشتی بودریار ڕەخنەی توند لە لۆژیکی عەقڵی تازەگەری دەگرێ، یۆتۆپیاکانی پرۆژەی ڕۆشنگەری ئەوروپای لەمەڕ(برایەتی، ئازادی، یەکسانی)بەدرۆ دەخاتەوە)).(حەمە،2002، 237) .**

**پاری سێیەم (هۆکارەکانی یاخیبون) :**

**1-هۆکاری دەروونی : هۆکارە دەروونییەکان پاڵنەرێکی بەهێزن بۆیاخیبوونی مرۆڤ، (فرۆید 1865-1935) زاراوەی نەستی داهێنا بیرۆکەی نەست ئەوەیە مرۆڤ واقیعەکەی خۆی لەسەربنەمای ئارەزووە چەپێنراوەکانی بونیاد دەنێت نەست پێویستە تێربکرێت، بەڵام ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەبێتە ڕێگر)). (خەلیل،2017: 78-79). ((ئەدلەر پێیوایە گرێی سێکسی بەهەموو دیاردەو پێکهاتەکانیەوە بەئەندازەی گرێی هەست کردن بەکەمی سەرکەوتونییە لە لێکدانەوەی داهێناندا، چونکە داهێنان لای داهێنەر هەوڵێکی قەرەبووکارییە بۆ پڕکردنەوەی هەستکردن بەکەمی)) (قطوس،2011: 67).**

**2-هۆکاری کۆمەڵایەتی: هەندێك لەفەیلە سوفان و کۆمەڵناسانی بواری سۆسۆلۆجیا هەبوونی فاکتەکۆمەڵایەتیەکان بەگرنگ دەزانن، لەبەرامبەر ئەمانیشدا بۆچوونی جیاواز هەیەو ئەم بەربەستانە بەهۆکاری یاخیبونی مرۆڤ دەزانن، بۆنموونە (ئەمیل دۆرکاهیم 1858-1917) دەربارەی پێویستی فاکتەکۆمەڵایەتێیەکان دەڵێت:((تاك لەساتی لەدایك بونیەوە خۆی لەنێو کۆمەڵێك ڕێساو یاسای کۆمەڵایەتی ناچارەکیدا دەبینێتەوە، نەدەتوانێ بیانگۆڕێت یاخود لەبایەخیان کەم بکاتەوە، نەدەشتوانێت ڕەخنەیان لێبگرێت یاخود هێرشیان بکاتە سەر یان لێیان ڕابکات تاکەشتێك تاك دەتوانێت بیکات خۆبەدەستەوە دانیەتی بۆ فەرمان و دەقەکانیان)). (الحسن، 1988: 148). لەبەرامبەردا بۆچوونەکانی (جان جاك ڕۆسۆ1712-1778) ئازادی تەواو بەمرۆڤ دەبەخشێت ((مرۆڤ بەسەربەستیەوە لەدایك دەبێت، کەچی لە هەموو شتێکدا دەست و پێی زنجیر کراوە، کۆمەڵ نەریت و بەهاکانی بەسەر مرۆڤی تاك دا دەچەسپێنێ و چۆکی پێدادەدات، هەموو کەسێك تایبەتمەندی و بوونی لە بوونی کەسێکی تر جیاوازە دروستە ئێمە مرۆڤین، بەڵام هەر مرۆڤەو خاوەنی خۆیەکی تایبەتی خۆیەتی و لەکەسێکی تر ناکات) (باپیر،2000: 51).**

**3-هۆکاری ئایینی: ئایین بەهەمان شێوە لەناو چوارچێوە کۆمەڵایەتێیەکەدا جێگەی دهبێتەوە، ئەم بابەتەش فەیلە سوفانی کردووە بەدووبەشەوە هەندێکیان وەك فاکتێکی گرنگ تەماشای دەکەن و وەك بابەتێکی باوەڕوو پیرۆزی دەبیننەوە، لەبەرامبەریشدا بۆچوونی جیاواز هەیە. (ئاین، خێزان، دەوڵەت)بەهێزو کارابن باشتر دەتوانن دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەو تاکانەدا بسەپێنن، بەمەش ژمارەی ئەندامەکانیان، کە خۆیان دەکوژن لەکەمبونەوەدا دەبن، بەڵام بەپێچەوانەوە مەیلی تاکگەرایی زیاد دەکات و خۆکوشتن زیا دەبێت).(الحسن،2019: 51). ئەمەی سەرەوە بۆچوونی (دۆرکاهیم)ە لەسەر ئایین، بەڵام فەیلەسوفانی دیکەی وەك (کارل مارکس و نیچەو هایدگەرو سارتەر) ئایین وەك دەزگایەکی داپڵۆسێنەردەبیننەوە(نیچە)دەڵێت :(( مەسیحیەت دژە ئیرادەی ئازاد و هەست کردنە بەشەرم، مەسیحیەت هاندەری باوەڕ بەسەرکوتکردنی غەریزەکانەو هێزی خولقێنەر لەناودەبات، مەیسحیەت وەکو سیستمێکی ئەخلاقی پێکهێنەری کۆمەڵگەی بێ ڕۆح، وەستاوەو لێهاتوویی تیادا نییە و نکۆڵی لەلێوەشاوەیی و دەسکەوتە مرۆییەکان دەکات، مەسیحیەت جۆرێکە لە ئەخلاقی مەڕ ئاساییانە، کە ڕاکێشەرو خولقێنەری مرۆڤ گەلێکە کە ڕەشبین و ناکاران)).( مارایی، 2015،ل158).**

**بەشی دووەم : (یاخیبون لەنیشتیمان لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت)دا**

**<u>یاخی بوون لە نیشتمان:</u>**

**دیارە نیشتمانی مرۆڤ لە دیدگای نەتەوەییەوە، ئەو پارچە زەوییەیە، کە مرۆڤ تییدا لە دایک دەبێت، زمان و ئایین و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە هاوبەشەکان پێکەوەیان دەبەستێتەوە، هەرچەندە ئەم حاڵەتە نیشتمانی بوونە لە دەرەوەی دەستەڵاتی کەسەکانەوەیە و مرۆڤ بە شێوەیەکی خۆنەویست دەبێتە هاوڵاتی نیشتمانێک، بەڵام هەمیشە نیشتمان لە فەرهەنگی زۆربەی گەلانی دونیادا وەک دایک وێناکراوە، بەڵام دەبێت کەیو چۆن مرۆڤ لە نیشتمانی خۆی یاخی بێت، ئەم چەمکە پەیوەندی بە خودی جۆری خاک و ئاوو هەواو پێکهاتەی سروشتی خاکەوە نیە ئەوە پەیوەنی بەو ڕووداوو بیرە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و دەستەڵاتەوە هەیە، کە ئەو نیشتمانە بەڕێوە دەبات، بەڵام دواجار دەوترێت یاخیبون لە نیشتمان، شاعیر لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم هەموو گیانی و ژیانی دەکاتە قوربانی بۆ بستێک لە خاکەکەی هەموو ئازارەکان قبوڵ دەکات لە پێناو ئازادی و ڕزگاری بۆ خاکەکەی، بەڵام کاتێک نیشتمان دەبێتە ئەو ڕۆمانەی لە جەنگەڵێک ئەدوێ ڕەنگە یاخیبون وەکو ئەرکێکی لێ بێت، بۆیە شاعیر ئەم یاخیبونەی لە ڕێگەی وتەیەکی شاعیری گەورەی عەرەب (مەحموود دەرویش) ەوە، دەخاتە ڕوو، شاعیر وایدەبینێت خودی گەردوون بوبێتە نارنجۆکێکی ئامادەکراو ئیتر نیشتمانی من چ مانایەکی هەیە بۆ ژیان، لێرەدا شاعیر دوو بابەتی تێکەڵاو کردووە لە لایەک یاخییە لە ئایدیای جیهان بەگشتی، لەبەرامبەر ترسی گەشەی تەکنەلۆجیادا بۆدروستکردنی چەکی ئەتۆمی، لە لایەکی تریش لە نیشتمانی خۆی یاخییە بە هەمان شێوەش دەڵێت شاعیر نیشتمانی نییە، بەڵکو کۆچەرییە:**

**مەحموود دەروێش درۆ دەکات**

**درۆ دەکات ...درۆ دەکات...کە دەڵێ (وطن ليس حقيبه وأنا لست مسافر)**

**نیشتمان جانتایەو جانتایەو جانتایە**

**کە جیهان هێندەی ڕێیەکی تەسک بێ**

**مەل شاباڵی بۆ چییە**

**کە زەوی نارنجۆکێکی میقات کراوبێ**

**شاعیر نیشتمانی بۆ چییە؟ (هەڵمەت، 2014: 724)**

**لە ئێستادا جیهان لە سایەی گڵۆبالیزمەوە هێندەی گوندێکی بچکۆلەی لێهاتووە، مرۆڤ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە هەمووشتێکی لێداگیرکراوە و ئازادی لە دەستداوە، بۆیە بۆ هەر کوێ بڕۆیت ئازارەکان وەکو یەکیان لێ هاتووە، ئەمە مەبەستی شاعیرە لەو شیعرەدا. کاتێک نیشتمان دەبێتە مۆڵگەی جەنگ و لەسەر گردو تەپۆڵکەیەک دەیان گەنجی نیشتمان دەبنە قوربانی، ئیتر ئەو نیشتمانە مانایەکی نامێنێ مرۆڤ**

خەونی تیادا ببینێت، ئەمە ئەو هۆکارەیە شاعیر لە نیشتمان یاخی دەکات، شاعیر دەیەوێت بڵێت ئەوانەی لەسەر تەپۆڵکەیەک دڵی هاوسەرو منداڵەکانیان بۆ هەتا هەتایە لە ئازاردا نوقم دەکەن شایەنی ئەوەن مرۆڤ بەزەیی پێیاندابێتەوە :

کچان چەند گوناحن
دەزگیرانەکانیان بۆ شەڕ دەبەن
کوڕان چەند گوناحن ...چەند گوناحن
تۆپەڵێ گڵیان
لە مەمکی دەزگیرانەکانیان خۆشتر دەوێ..!(هەڵمەت،2014 :735)

تاراوگە یان غوربەت هەندێ باری تایبەت بۆ مرۆڤ دروست دەکات، کە یان ئەوەتا نامۆ دەبێت و تووشی بێ هیوایی دەبێت یان یاخی دەبێت و لێی هەڵدێ و لێی ڕائەپەڕێت، بەڵام گرفت ئەوەیە مرۆڤ لە زێدی خۆی و لە کۆڵانەکانی منداڵی خۆیی و لەو شارەی پڕ یادوو یادەوەریە هەست بە غوربەت و غەریبی بکات، مرۆڤ نەتوانێ لەگەڵ دابو نەریت و سوڵتەی سیاسی و ئەو هەلومەرجانەی لە نیشتماندا هەیە هاوسەنگی دروست بکات و لەگەڵی هەڵسوکەوت بکات و بگونجێ، ئەوە بە دڵنیایی تووشی یاخیبون دەبێت بەجۆرێک، کە ئیتر خۆی بە هیچ کام لە ئێستەو ئایندەی ئەو شوێنەوە نابەستێتەوە، شاعیر بە هۆی ئەوەی خاوەنی هەستێکی نیشتمانی بووە هەموو گەنجێتی خۆی کردووەتە قوربانی نیشتمان بۆیە داوای خەونە کوژراوەکانی لاوێتی دەکاتەوە و دەڵێت:

خەونە کوژراوەکانی لاویم بدەنەوە
منیش هەموو
کچە دڵ بەردوو
گوڵە ژەنگین و
ئەستێرەکانت دەدەمەوە
ئەی ئەو تاراوگەی
کە ناونراوی نیشتمان (هەڵمەت،2014: 762 )

شاعیر هەموو ئەو جوانیانەی، کە بە نیشتمانی بەخشی بوو لە ڕابردوودا ئێستە هەمووی لێسەندراوەتەوە، وەک (کچی دڵبەرد)، (گوڵی ژەنگن)، (ئەستێرەی کوێر). سەرچاوەی ئەم یاخیبونەش هۆکارەکانی سیاسی و ئابووری و دەروونی و کۆمەڵایەتین. ئەمجارەیان پەنا بۆ کەرەستەیەکی ئەفسانەیی دەبات تا ڕزگاری ببێت لە نیشتمان ئەویش حەبێکە هەرکەس بیخوات هەر چییەکی بیەوێت و نیازەکەی هەرچی بیت جێبەجێ دەبێت، ئەم حاڵەتەش گوزارشت لە دۆخێکی ڕاستەقینەی شاعیر دەکات بەهۆی خراپی دۆخی ئابووریەوە بۆ دەرچوون لە نیشتمان پەنادەباتە بەر ئەفسانە، چونکە لەو کاتەدا مرۆڤ بۆ دەرچوون لە نیشتمان و گەیشتن بە نیشتمانێکی تر لە تاراوگە دەبوو پارەیەک بداتە قاچاخچیەکان، بۆیە شاعیر ئەم واقیعەی کردۆتە خەیاڵ و گوزارشتە یاخییەکەی خۆی پێ کردووە، شاعیر ئامادەیە ببێتە خۆراکی ماسی، بەڵام وەکو خۆی دەڵێت ڕزگارم ببێت لەم تاشە بەردەی بەسەر شانمانەوەیە، کە مەبەستی نیشتمانە :

بە هەر حاڵ من ئەگەر پارەم بێ لەوحەبەبکڕم
بەو مرازەوە قوتی دەدەم ببم بە جگەرەیەک ماسییەک
بم کێشێت/ دەبێ لە ئاوێنەی بیرەوەریەکان دەربازبین /ئەم
تاشەبەردە تاکەی بەکۆڵمانەوەبێ(هەڵمەت، 2014: 809)

شاعیر جارێکی تر ڕۆشتن بە چارەسەر دەزانێت لە نیشتمان، جارێکی تر دەیەوێت هەموو ئەو ڕۆژانەی لە نیشتمان بەسەری بردووە بیداتەوە، چونکە تازە شتێک نەماوە بە ناوی نیشتمان، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنیا غوربەت و تاراوگەیەلێرەدا دەبێت ئەو ڕاستیە باسبکەین شاعیر تووشی بێهیوای دەبێت، چونکە ڕاکردن واتای کۆڵدان لە ململانێکان، شاعیر لێرەهەڵدێت دەیەوێت لە تاراوگەی نیشتمانەوە بڕوات بۆ تاراوگەی هاندەران، ئەوەش گوزارشتە لەوەی، کە ئیتر ئەو دۆخەی ئەوکات کوردستانی تیادابوو بەهۆی شەڕی ناوخۆوە هیچ بوارێکی بۆ گۆڕانکاری نەهێشتبوویەوە، ئەوکات زمانێک حوکمی دەکرد زمانی قاتوڕی و کوشت و بڕین بوو بۆیە شاعیر هەڵهاتن وەک یاخیبون لەو دۆخە تەماشا دەکات :

دەڕۆم
ڕۆژەکانی تەمەنم
لە تاراوگەیەک جێدێڵم
کە ناویان ناوە
نیشتمان (هەڵمەت،2014: 940)

خەونی شەهید بۆ نیشتمان جگە لە ئازادی و ڕزگاری و دادپەروەری هیچی تر نییە شەهیدەکان ئەوەی کە هەیانە گیانی خۆیانە دەیکەنە قوربانی بۆ نیشتمان، بەڵام کاتێک ئەنجامی ئەو هەموو تێکۆشان و خوێن بەخشینە بۆ کوردستان دواجار شاعیر چی دەبینێ بێ مروەتی نەوەکانی، بازرگانی بەخوێنی شەهیدان لە لایەن هاوڕێی و هاوسەنگەرەکانی ئاخر شۆڕشەکان هەمیشە ئازادی خوازان کردوویانەو هەموو ژیانی خۆیان بە خشیوە، بەڵام بەرئەنجامی شۆڕشەکان زۆربەکەمی خواستی شۆڕشگێڕانی بەدی هێناوە. شاعیر لەبەر ئەم هەڵوێستانە زۆر بەتوندی ڕەخنە دەگرێت و لە نیشتمان یاخی دەبێت، هەمیشە ئەم هەڵوێستە توندانە بەرامبەر بە نیشتمان لە لایەن ئەو شاعیرو نوسەرانەوە سەرهەڵدەدات، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆیان بەڕاستی خەباتگێڕی ڕێگای خەبات بوون، شێرکۆ بێکەس لە دوای ڕاپەڕین چی بە نیشتمان ناڵێت؟ عەبدوڵلا پەشێو بە چ زمانێک پێناسەی دەکات بۆیە (لەتیف هەڵمەت) وەک ڕێبوارێکی ئەو ڕێگایە، کە هەمیشە شیعرەکانی وەک سەنگەری خەبات بووە بۆ دوژمنان، هەمیشە ڕزگاری کوردستانی بە وێستگەی وەدیهێنانی هەموو ئامانجە مرۆیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وێنا کردووە، بەڵام لە دیدی شاعیرەوە ئەوە خەون بوو ئەوەی شەهیدان بۆی مردن نیشتمانێک بوو تەنیا لە خەیاڵدا هەبوو:

لە لوتکەدا ...بۆ نیشتمان دەگەڕان
نەیان دەزانی نیشتمان
کلێنکسێکی پەمەییە
شەوانە ژنە حەشەریەکان
ناو لنگی خۆیان پێ دەسڕن
نەیاندەزانی نیشتمان
حەبی مەنعە
کچە بۆرژواکان

له حەوزە وشکەکە دەیکرن..!

(هەڵمەت،2014 : 958 )

ئەگەر لای شاعیرانی تری کورد نیشتمان تونێڵە مۆزێک بێ و فڕێ بدرێ نیشتمان بێ وەفاو خیانەتکاربێت، ئەوە نیشتمان بۆ (لەتیف هەڵمەت) هێندە قێزەون دەبێت، کەخۆزگەی دەخواست وەک جوتێ گۆرەوی بوایە و بیگۆڕێت، ئەم خۆزگە نەرێنیەی شاعیر لەسەربنەمای خۆزگەیەکی ئەرێنیە مانای ئەوەیە، کە شاعیر بەم هەموو خەمو نادادی نیشتمانەوە هێشتا نیشتمان بە لانە و ماوای هیواکانی دەزانێ هێشتا هەر شەیدای خەمەکانیەتی لە نیشتماندا:

خۆزگە نیشتمان وەکو

گۆرەوی دڕاو

تورِ دەدراو

هی نوێمان دەکری (هەڵمەت،2014 : 959 )

شاعیر لەم دێرە شیعرییەدا بە ئاشکرا کەوتۆتە ژێر کاریگەری شاعیری گەورەو یاخی (سوری) (محمد ماغوط)، هەروەکو خۆی دەڵێت ((داوای لێبورد لە محەمەد ماغوط دەکەم ئەمە دزی نیە قەرزە)).(هەڵمەت،2014،959). کوشتنی( من)و (نیشتمان) دوا مەنزڵە، کە شاعیری پێدەگات، نیشتمان بەم هەموو زام و برینەوە بەم هەموو بێ مروەتیەوە چۆن دەتوانێ هەڵبکات، ئاخر نیشتمانێک هیوای هەموو ئەو ڕێبوارانە بوو، کە بە پشتی چەماوەوە کۆڵیان ئەدا مێژوویان بەو هەموو خوێنەوە لە کۆڵگرت، شاخ بە شاخ، دۆڵ بە دۆڵ گەڕاندیان بۆ ئەوەی لە لوتکەیەکدا ئازادی کەن، بەڵام ئەمە هەموو پاداشتی نیشتمان بوو، بۆیە شاعیر دەڵێت هەر باشە ئەم نیشتمانە لە داخی ئەو هەموو پەژمووردەییە من ناکوژێت.

هەر باشە دار لە ترسی تەور

سەری خۆی هەڵناگرێ

بۆ بن دەریا

هەر باشە نیشتمان

لە داخی خۆی من ناکوژێ (هەڵمەت،2014 : 960 )

شاعیر ئەم هەموو نەهامەتیەی نیشتمان دەگەڕێنێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری (1991)، ئەو خەونەی نزیک نیوسەدە خوێنی بۆ ڕژرا دەیان و سەدان مرۆڤی کورد بوونە قوربانی، بەڵام ئەمانجەکانی نەهێنایەدی ئەویش هەموو بەهۆی دەسەڵات و ململانێی خۆ دەوڵەمەندکردن و ڕووتانەوەی کوردستان، کە سەرخان و ژێرخانی ئەم وڵاتە بەشێوەیەکی ئاڵۆزیکی بەهەدەردرا، بۆیە شاعیر بەوێنەیەکی هونەری زۆر جوان حەکایەتی شەقامێکی نیشتمانمان بۆ دەگێڕێتەوە ئیتر لێرەوە هەموو ئەو نەهامەتیانە دەبینین، کە شۆڕش بەڵێنی پێدابن، بەڵام بە ئەنجامی نەگەیاند ڕاستە بۆ ئەم کارەساتانەش هەردوو هۆکاری (بابەتی) و (خودی ) هەبووە، ڕاستە هەمیشە نەیارانی ئەم گەلە هەوڵیانداوە کوردستان وێرانەبێت، بەڵام خۆشمان نەمانتوانی نەبینە فاکتەرێکی گرنگ:

شۆستەیەک دەگریا و دەیگوت:

لە ڕاپەڕینە گەورەکەوە

ڕووت و قووتم

توشی ڕۆماتیزم بووم

ئەوە بۆ ڕێکخراوێکی بیانی

یاحیزبێک

تەنورەیەکی درێژ و

جووتێ پوتی ناو خوریم

بۆ ناکرێ..! ( هەڵمەت،2014 : 960)

شاعیر پێشبینی ئەوە دەکات ڕنگە ڕۆژێک بێت هەموان لە نیشتمان یاخیو بێزار بن، چونکە لە دیدی شاعیرەوە ئێستە نیشتمان نیشتمانی هەمووان نییە، بەڵکو نیشتمان بۆتە بازاڕێک بۆ گیرفانی ئەو بەرپرسانەی کە بازرگانی پێوەدەکەن، بە دڵنیایی مرۆڤ کاتێک خاکێک بە نیشتمانی خۆی دەزانێ، کە وەک مرۆڤێکی پلە یەک تیایدا بژی، بەڵام ئەوەی ڕاستیە هیچ کات پەیوەندی نیشتمانی لە نادادپەروەری دابەشکاری مرۆڤەکان بۆ پلە بەندی دروستنابێت، بەڵکو ئەو کات مرۆڤ هەم وەک بونێکی نامۆ لە نیشتمان دەڕوانێت، لەهەمانکاتدا پەیوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانیش بەرەو کاڵبوونەوە دەچن بۆیە دەڵێت، ئەگەر ڕۆژێک خەڵک نیشتمانیان فڕێدایە سەر سەنوێلکەیەکەوە ئیتر سیاسیەکان چۆن دەژین، ئەم حاڵەتی ئەگەرە لای شاعیر پێگەیشتووەو ئەو باوەڕی وایە ئیتر خەڵک هیچ هیوایەکی بە نیشتمان نەماوە ئەگەر نا یاخیبون چۆن دەگاتە ئەو ئاستەی هەموو مێژوو یادگاریەکان فڕێ بدرێتە شوێنێکی زۆر پیسەوە.

ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان

خەڵکی کلکی نیشتمانیان گرت و

وەک سمۆرەیەکی مردارەوەبوو

توڕیاندایە

سەر نوێلکێکەوە

ئەوسا سیاسیەکان

چۆن دەژین (هەڵمەت،2014 : 968)

لە هەمان شیعردا شاعیر بە گەڕانەوە بۆ لای هەندێ ڕەمزی خەڵکی شار، دەیەوێت ئەوە نیشان بدات ئەوانیش بە مردویش هێشتا ناڕازین لە نیشتمان، شاعیر دەگەڕێتەوە لای (کاک ئەحمەدی شێخ) و پرسیاری لێدەکات تۆ بۆچی لەسەر منارەکەی مزگەوتی گەورەوە سەیردەکەیت، ڕێگەی وەڵامێکی جەنابی شێخەوە دۆخی خراپی ئەم نیشتمانە نیشانی شار دەدات، لێرەوە شاعیر دۆخی خراپی ئابووری خەڵک و کێشەی چینایەتی لە نیشتماندا پیشاندەدات جیاوازی لە دووزەمەنی مێژوویدا نیشاندەدات سەردەمی پێش دەسەڵاتی خۆماڵی و سەردەمی حوکمڕانی خۆماڵی، کە گەلی کورد ئێستە باری ژیانی خراپترە ئەم جۆرەش لە شیعر، کە تیایدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕەمزی خەڵکی لە قوناغێکی مێژوویدا زیاتر بۆ گەیاندنی پەیامەکەیەتی لە نێوان دوو سەردەمی مێژووی جیاوازدا، بەڵام لە یەک نیشتماندا لەهەمان کاتدا هەستدەکیت ڕووداوێکی ناو ڕۆمانێک دەخوێنێتەوە، کە ئەمەش بەهۆی خەیاڵێکی قوڵی شاعیرانەو زمانی شیعرییەوە بەرجەستە دەبێت:

**کاک ئەحمەدی شێخم بینی**
**لەسەر منارەی مزگەوتی گەورە**
**سەرنجی سلێمانی دەدا**
**گوتم گەورەم بۆ کێ دەگەڕێ ی؟**
**فەرمووی سواڵکەرەکانی شار دەژمێرم**
**( هەڵمەت،2014 : 969 )**

**لە شیعری (ئەو لە بازنەیەکی دی) دا بە ئاشکرا بانگەوازی مەرگی نیشتمان دەدات لەگەڵ ئەوەی لەم دەقەدا پیرۆزی نیشتمان بەهەمان پیرۆزی دایکی وێنادەکات، بەڵام بۆ ئەو ئێستا شتێک نەماوە بەناوی دایک و نیشتمان، چونکە هەردووکیان مردوون، ئەگەر مردنی دایک مردنێکی فیزیکی بێت، کە لوتکەی ئازار لای مرۆڤ دروستدەکات بە نەمانی ئەوەی ئیتر کەسێک شک نەبەی بە خۆشەویستی بێبەرامبەر باوەش بۆ خەمەکانت بکاتەوە، ئەوە مەرگی نیشتمان مەرگی لەخەونانی (خەون)و (ئاینده)یەلای شاعیر، چونکە شاعیر پێیوایە مرۆڤ ئەگەر لە نیشتمانێکدا ژیاو خەونی نەبوو، یان نیشتمان ببێتە وێستگەیەک بۆ کوشتنی خەونەکانی ئیتر ئەو نیشتمانە مردووە، کەواتە شاعیر مەرگی خەونەکانی بەمەرگی نیشتمانەکەیەوە دەبەستێتەوە. لەڕاستیدا هەرکەس خەونی بۆ ئاینده نەبێت لە بزوتن دەکەوێت ئەمەش جۆرێکە لە مەرگی میتافیزیکی وەک (سارتر) دەڵێت: ((ئەوەی من دیاری دەکەکا تواناکانمە نەک تایبەتمەندیە سەپێنراوەکان)).(سارتر،1966 :725). کەواتە واتای هەبوونی مرۆڤ بە توانا و خەونەکانیەوەیەتی مرۆڤ، کە خەونی نەبێت بوونیشی نابێت.**

**ئەوەتا زامی لەبیر چووی شەهیدەکان**
**هەر خوێنی لێدەتکێ**
**بە پەرە مووچی بانەڕۆژ**
**لەو خوێنە تابلۆیەکی پیرۆز دەکێشم**
**ناوی دەنێم نیشتمان**
**لەوانەیە ناوی بنێم دایکم**
**هەرناوێکیان بێ وەکو یەک وایە**
**چونکە هەردووکیان هەرمردوون**
**ئەوەی خەونی نەبێ**
**نەدایکی هەیە نەنیشتمان. ..**
**(هەڵمەت،2014: 992 )**

**کاتێک لە نیشتمانێکدا مرۆڤ دەبێتە کاڵاو بازرگانی پێوە دەکرێ، ئیتر بازرگانی بە خوێنیەوە بێت یان بە ڕابردوو ئاییندەی بێت یان خەونەکانی هیچ جیاوازییەکی نییە کاتێك لقی دارەکانی نیشتمان دەبێتە تەناڤی خنکان بۆ ملی خەڵکەکەی کاتێک نیشتمان بە هەموو جوانی و یادگارییەکانیەوە دەبێتە جانتای سەفەری ڕێگەی مەرگ کاتێک نرخی بلیتی دکتۆرێک لە گیانی مرۆڤێکی نەخۆش گرانتر دەبێت، ئەوکاتەی تەپۆلکەیەکی بێ گیان دەبێتە گۆڕستان بۆ دەیان لاوی وڵات ئیتر نرخێک نامێنێتەوە بۆ خودی مرۆڤ:**
**لە نیشتمانەکەمدا**
**نرخی هەموو شتێ بەرزە**
**نەبێ خوێن**
**(هەڵمەت،2014: 1063 )**

**شاعیر وێنای نیشتمانمان بۆ دەکات جارێک بەجانتای ئاوارەیەک جارێکی تر بە ئاودەستخانە، کاتێک نیشتمان دەبێتە ئاودەستخانە لە دیدی شاعیرێکەوە دەبێ ئەو حاڵەتە تایبەت و نا هەموارە چی بێت وا لە شاعیر دەکات ئەم بارە پەیوەندی بە نەبوونی کیانێکی سەربەخۆو دەوڵەتەوە هەیە، شاعیر پێیوایە ئەم هەموو سوکایەتیە بە خاک و خەڵکی نیشتمانی کوردان دەکرێت هۆکارەکەی نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە لە ڕاستیدا ئەمە وێنەیەکی خەیاڵی نییە و بە هەمان شێوەش تراژیدیایەکی دروستکراو نیە، بەڵکو واقیعێکی تاڵە، کە هەموو تاکێکی ئەم نیشتمانە ڕۆژانە بە چاوی خۆیان دەیبینن لە ئەنجامی نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی چی بەسەر ئەم خاکەدا دێت، داگیرکاری و لە هەمان کاتدا چاو داخستنی دەوڵەتانی گەورەی جیهانی لەبەرامبەر میللەتی کورد، کە لەوەتەی مێژوو هەیە بێرەحمانە کەوتوونەتە بەر ستەموو وێرانکاری، کوشتنی خەڵکی سڤیلی ئەم نیشتمانە، بەکارهێنانی ئەم وشانە لە لایەن شاعیرەوە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی خەڵک و دەسەڵاتە لەبەرامبەر ئەو هەموو دووبەرەکی و ناتەباییەی، کە دەسەڵاتدارانی ئەم نیشتمانە دەیان ساڵە بەرهەمیان هێناوە بۆیە شاعیر لەم دۆخە یاخی دەبێت دەڵێت:**

**کوانێ وڵاتەکەم**
**دوێنێ لە جانتای ئاوارەیەکدا**
**لەسەر سنوری تورکیا ..زەوتیان کرد**
**ڕەنگە کردبێتیان**
**بە ئاودەستخانەی**

**کچە گەشتیارەکانی ئەوروپا (هەڵمەت،2014 : 1066 )**

**لە شیعری(کۆترو هەڵامەت)دا، یاخیبونی خۆی لە نیشتمان لە دوو تابلۆدا نمایشدەکات، تابلۆی یەکەم ئازارو خەمی دایکێکە بۆ کوڕە شەهیدەکەی، تابلۆی دووەم بەرئەنجامی خوێنی ئەو شەهیدانەیە بەهەدەرچوون، تراژیدیایی ئەم دوو تابلۆیە لەوێوە دەستپێدەکات، کە دایکێکی شەهید لەبری ئەوەی شانازی بە شەهیدبوونی کوڕەکەیەوە بکات پەشیمانی دەردەبڕێت و داوای گەڕانەوەی کوڕەکەی دەکات، لێرەدا دایکی شەهید و خودی شەهید یەک جەستەی خوێناوی، یەک جەستەی زمانەوانی ئاوێتەن، کاتێک دایکی شەهید پەشیمانی دەردەبڕێت ئەوا واتای ئەوەیە، کە خوودی شەهیدیش پەشیمانە لە شەهید بوونی،چونکە شەهید بۆ ئەو ئامانجە گیانی نەبەخشی، کە لە باڕو مەیخانەکاندا بە بەدمەستی سوێند بە گۆڕیان بخورێت یان وەک خودی شاعیر دەڵێت کۆمەڵێک سمێڵ خەڵوزی بە مێز وێنەی شەهید بکێشن و بڵێن بە دایکی شەهید ئەوە کوڕەکەتە بیبەرەوە، ئەم وێنەیە ئەوپەڕی بێزرخیە بە جەنگاوەرانی نەتەوەیەک، کەهەموو شتێکیان بەخشی بە نیشتمان، بەڵام ئەمڕۆ چیرۆکی سەروەری ئەوان لە نیشتمان جگە لە گاڵتەجاڕییەک هیچی تر نییە بۆیە شاعیر یاخی دەبێت لە نیشتمانێک، کە ئەمە وەفای بێت بۆ ئەوانەی بۆ ڕزگاری ئەو گیانیان بەخشی:**

**دوێنێ دایکی شەهیدێکم بینی**
**بە پێی پەتی لە بەردەرگای مزگەوتی گەورەدا**

**هاوکاری دەکرد..کوڕەکەم بدەنەوە**

**ئەم نیشتمانە نەزۆکە بۆ خۆتان**

**(هەڵمەت،2014 : 1101)**

**کەواتە نەزۆکی نیشتمان لێرەدا کوتومت ئەو مەبەستەیە، کە ئەوەی شەهیدان لە پێناوی شەهید بوون نەهاتە دی، بەڵکو خەونێکی نەزۆک بوو تەنیا خەیاڵێک بوو شەهیدان بە ئایندەوە دەیان بینی بۆیە شاعیر لە وێنەی دووەمدا فاکتە واقیعیەکانی ئەمڕۆ و خەونی دوێنێی شەهیدان لە نیشتمان دەردەخات:**

**پیاوە سمێڵ فەردە خەڵوزەکان**
**ویسکیان قوزەڵقورت دەکردوو**
**بەمیزی خۆیان**
**لەبارە خوێناوییە بێ پەنجەرەکاندا**
**وێنەی لاوێکیان دەکێشا و**
**دەیان گوت..وەرە پورێ ..وەرە**
**ئەمە کوڕەکەتە بیبەرەوە**

**(هەڵمەت،2014 : 1102 )**

**ئەگەر شاعیر دوێنێ بۆ ڕزگاربوون لەو قەفەسەی دەسەڵاتی سیاسی ڕژێمی عێراق لە سایەی سیاسەتی سەرکوتکارانە دا جارێ یاخیبونی دەداو خەباتی بۆ ئازادی و سەربەستی نیشتمانەکەی دەکرد، ئەوا ئەمڕۆ دیسان لە نیشتمانی خۆی یاخی دەبێت، چونکە لە لای شاعیر قەفەس هەر قەفەسە و ستەم هەر ستەمە ئەو کاتەی هەموو خەون و ئارەزووی شۆڕشگێڕانی دوێنێ دەبێتە سێکس بازی و هەواو هەوەسی ڕۆمانسی، ئەم حاڵەتە بۆ خودی شاعیر دۆخێکی نامۆو قبوڵنەکراوە، بۆیە شاعیر هەڵوێستێکی سوریالیزمیانە بەرامبەر ئەم دۆخەی نیشتمان دەگرێتەبەر، هەمیشە و بە بەردەوام لە مێژوودا بۆ ئەوەی کەسێکی شۆڕشگێڕ بکەیتە کەسێکی دەستەمۆو لە خشتە براو، کە ئیتر نەتوانێ وەک بکەرێک خەونە شۆڕشگێڕییەکان لە پێناو ئازادی و سەربەرزی خۆی و ئەوانی تردا بە ئامانج بگرێت، دوو چەک زۆر کاریگەر بووە، یەکەمیان چەکی سێکس و ئافرەت دووەمیان چەکی ماددەو کحول بۆیە شاعیر نیشتمانێک، کە سیخناخ بووە بەم دوو چەکە ڕەتدەکاتەوە و خۆی لێ بێبەری دەکات:**

**ژنەکە گوتی ئەم شارە**
**ژنێکی تەنیایە قەفەزی خەون و**
**میکرۆبی سیاسەت**
**لە خشتەی بردووە...**
**مووبەقی سێکس لە ژێر ئاوەڵکراسەکەیدا**
**سیخناخی جەنگی ئەکرۆباتیکی و**
**مۆسیقای سەرگەردانی و**
**بۆنە و مۆتەکی مۆمیاکراوی**
**سوریا لیزمیانەیە (هەڵمەت،2014 : 1159 )**

**لە شیعری (هەندێک لە ئایەتە ونبۆکانی ئاڤێستا)دا،تووشی حاڵەتێک دەبێت خۆی لێ وندەبێت لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا ! گوماندەکات، کە ئایا ئەو کەسەی ئەمڕۆ هەمان ئەو کەسەی دوێنێیە؟ دەبێت دوێنێ خەباتگێڕی ڕێگای نیشتمان و ئەمڕۆ هەمان شۆڕشگێڕی یاخی بێت لە خودی ئەو نیشتمانەی قوربانی بۆ ڕزگار بوونیدا ڕەنگە ئەم خۆنەناسینەوەیە لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا هەر بە تەنیا لای (لەتیف هەڵمەت) ڕوونەدابێ، ڕەنگە ئەمە ئەو حاڵەتە نامۆیە بێت، کە بەشێکی زۆرمانی سەرقاڵ کردبێت بە دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەوە، ئەشێ ماکی هەموو شۆڕشەکان هەر خۆی وابێت یان بەدحاڵی بوونی خەڵک بێت لە شۆڕش، بۆیە شاعیر خۆی ناناسێتەوە بە ناچاری نیشتمانی خۆی جیادەکاتەوە، ئەو پێیوایە هەمان نیشتمان پەروەرەکەی جارانە بۆیە خۆیی و ئەوانی دی، کە نیشتمانیان کردۆتە کاڵا جیادەکاتەوە ڕەنگە ئەمە باشترین خۆڕزگارکردنی شاعیر بێت لەو ڕقو کینەی بەرامبەر نیشتمانێک، کە دوێنێ خوی کردبێتە قوربانی لە پێناویدا:**

**دوێنێ من... من بووم**
**بشێ ئەمڕۆش**
**هەر ئەو منەی دوێنێ بم**
**نیشتمانتان قەحەبەیەکەو**
**کۆشکێکی پڕ خواردنەوە**

**( هەڵمەت،2014 : 1169 )**

**هەمیشە هۆکارێک هەیە بۆ یاخیبون لە نیشتمان، لە شیعری(مۆرفۆلۆجیای عەشقی نیشتمان) شاعیر سێ هۆکار وایلێکردووە، کە نیشتمان بە هی خۆی نەزانێت بۆیە ئەو نیشتمانەی شاعیر لێی یاخی دەبێت بە موڵکی سێ نوخبەو توێژی کۆمەڵایەتی دەزانێت، کە ئەو سەر بە هیچکام لەوان نییە ئەویش درۆو دەلەسەی سیاسیەکانە، کە هەمیشە نیشتمانیان قۆرخ کردووە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان، لەگەڵ ئەو توێژە کۆمەڵایەتیە، کە لە ڕووی چینایەتیەوە پلە باڵان و بۆرژوان، چونکە بۆرژوازەکان هەمیشە نیشتمان وەک کاڵایەک دەبینن بۆ ئارەزووەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو پاشاو خاوەن دەستەڵاتانەی، کە نیشتمان وەک یاری شەترەنج تەماشا دەکەن بۆیە شاعیر لە هەموو بێ هیوایەدا دڵی کچێک دەکاتە نیشتمان، کە بەڕوونی ئەم هەڵوێستەش لە قەسیدەی (ئێستە کچێک نیشتمانمە)ی (شێرکۆ بێکەس) دا دەردەکەوێت:**

**نیشتمان درۆو دەلەسەی سیاسیەکانە ...**
**نیشتمان گوڵەبەڕۆژەی پیاسەی ئێوارانی**
**لای سەهۆڵەکەو شەقامی موزەفەرییەی**
**کچە بۆرژوازییەکانە**
**نیشتمان یاری شەترەنجی پاشاشێتەکانە**
**مرۆڤی عاشق .. شتێکی نییە ناوی نیشتمان بێ...**
**من بە منداڵی نیشتمانەکەیان**
**وەکو بوکەشووشەیەک لێ دزیم**
**نازانم لێیان دزیم...یا لە پەنجەرەی شەمەندەرێکەوە**
**لە دەستم کەوتە خوارەوە**
**لەبری نیشتمان لە دڵی کچێکدا گۆڕێکی بچکۆلەم**
**بۆ خۆم هەڵبژارد (هەڵمەت ،2014 : 1129)**

ئاماژە کردن بۆ ئەفسانەکان بە تایبەتی ئەفسانەی(سیزیف)لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا چەند جارێک بەکارهاتووە، هەرچەندە سیزیف بەردەوامی کارەکەی ئەو پەڕی بێ هودەیی و دووبارە بوونەوەیەکی بێ ئەنجامە، بەڵام ئەو ڕازییە بەو قەدەرە، چونکە لە خوداکان یاخی بووە کەواتە لە پێناو یاخی بوونەکەی خۆیدا بەردەوامی دەدات بە ئەرکێکی قورسی بێ ئەنجام، شاعیر لە شیعری(قاچاخچی)جۆرێک لە بێ هودەیی نیشاندەدات لەبەرامبەر ئەو دەسڵاتەی، کە نیشتمانەکەی بەڕێوەدەبات لەو بارەوە، کە چۆن سیزسف بەردەوامە لە هێنانە سەرەوەی بەردەکە بۆ لوتکەو دواجار خلێر بوونەوەی ئەمیش وا هەست دەکات، کە ئیتر ئەم نیشتمانە لەسەر هەمان بەقاچاخ بردنی بەرهەمەکانی، وەک سیزیف بۆتە قەدەرو هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت ((ئەفسانەی سیزیف لای گەلێک شاعیرانی کورد بەکاربراوە، بەتایبەتی بۆ مەبەستی بێهودەی و نا ئومێدی، کە خۆیان بەسەر ئەفسانەی سەرچاوەکەدا زاڵن، لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە سیزیف کەوتۆتە ناو ئەدەبی کوردیەوە بۆ نموونە لای شاعیران شێرکۆ بێکەس و سەڵاح شوان و چەندین شاعیری دەیەی هەشتاکان و نەوەدەکان سەدەی ڕابردو)).(مەحمود: 2012 :297)، بەڵام لێرەدا شاعیر (سیزیفی) بێهودە نا ،بەڵکو(سیزیفی)یاخی و کۆڵنەدەر، کەشۆڕشگێڕانی دوێنێ بە(سیزیفە)یاخیە کە لەبەرامبەر ستەم و ناداتی وێکدەچوێنێ، کەچی ئەمڕۆ بوونەتە قاچاخچی فرۆشتنی جەستەی نیشتمان وەک دەڵێت:

سیزیفم دی
بەردەکەی کۆڵی تورڕدابوو
سیزیفم دی
سەرقاڵی ئاودێوکردنی
مس و تەلی کارەبابوو
دەڵێی بووە بە قاچاخچی... (هەڵمەت ،2014: 1267)

*ئەم توێژینەوەیە هەڵهێنجراوی بەشێکی تێزی دکتۆراکەمە،کەلە(400) لاپەڕەپێکها تووە بەناونیشانی (یاخیبون لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت، قوبادی جەلی زادە، کەژاڵ ئەحمە د) دا

## ئەنجام:

1-لەڕوانگەی تیۆریەوە چەمکی یاخیبون لەگەڵ ئەوەی فرەڕەهەندەو لەزۆربەی بوارەکانی وەك (کۆمەڵناسی ، دەروونی، ئایین ،فەلسەفە ، ئەدەب ) خوێندنەوەی جیاوازی بۆکراوە، بەڵام هەموو ڕوانگەکان لە خاڵیدا یەکدەگرنەوە، کە ڕەتکردنەوەی کۆنەو بونیادنانی نوێیە سەرکەشی وڕازینەبوونە بەکۆتووبەندە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان.

2-لەڕوانگەی ئایینەوە سەرهەڵدانی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆمێژووی یاخیبونی ئیبلیس لەفەرمانی خودا. لەدیدگای ئەفسانەشەوە مێژووی ئەم دیاردەیە بۆسەردەمی بابلی وسۆمەریەکان دەگەڕێتەوە بۆزیاترلە (2000) ساڵ پ.ز.

3-دەقەکانی لەتیف هەڵمەت سەلمێنەری ئەوڕاستیەن، کەشیعری نوێخوازیی کوردی خاڵی نییە لەدیاردەی یاخیبون، چ لەبواری زمانی شیعریی و یاخیبون لەنەریتی کۆمەڵایەتی و ستەمی سیاسی وجیاوازی چینایەتی، کە ئازادیی و یەکسانی و مرۆڤایەتی هەوێنی هزری یاخیبونەکەیەتی .شاعیر بەگشتی لەشیعرەکانیدا وەك یاخیبویەکی میتافیزیکی دەرناکەوێت، بەڵکو وەك یاخیبویەکی ڕیالیزمی دەردەکەوێت وسەراپای هەبووەکان ڕەتناکاتەوە و هەمیشەلەگفتوگۆیەکی بەردەوامدایە، بەڵام هەندیکجار بەهۆی کاریگەری هزری سۆفیگەریەوە شاعیرمیتافیزکییانە یاخی دەبێت.

4-زمانی شیعریي (لەتیف هەڵمەت) زیاتر زمانێکی سادەو ساکارە، بەڵام قوڵو فرە واتاو واتای نهێنی و شاراوە. شاعیر زۆرسەرکەوتوانە یاخیبون لەزمانی دەقەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، سەرکەوتوانە واتا فەرهەنگییەکانی تێکشکاندووەو واتای نوێی ئەفراندوە بەتایبەتی سروشت ئامادەییەکی زۆری لەتێکستەکانی شاعیرداهەیە، بەڵام بەواتاو مەدلولی زۆرجیاواز، کەتایبەتن بەشێوازی خودی شاعیر.

5-یەکێکی تر لەو ئەنجامانە ئەوەیە شاعیر بوێرانە هەموو کۆدە کۆمەڵایەتی و کلتوری وئایینی و سیاسیەکانی تێکشکاندووە ئەمەش گوزارشتە بۆبەرزی ڕادەی ڕاستگۆی لەهەمانکاتدا بوێریو نوێگەری شاعیر .

6-تێکستەکانی شاعیر گەواهیدەری ئەوڕاستیەن، کە هەمیشە هاوسەنگی سەربەخۆیي خۆی پاراستووە و تاکە ئایدۆلۆژیای جوانی و چێژی دەقە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبی وەك بەشێکی دانەبڕاو گرێداوە بە خواستە مرۆڤایەتیەکانەوە .

7 – یاخیبون لەشیعرەکانی شاعیردا دوو قۆناغی جیاواز لە خۆدەگرێت، قۆناغێکیان بۆسەردەمی ستەمی سیاسی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس دەگەڕێتەوە و قۆناخی دووەمیش بۆ سەردەمی دەسەڵاتی سیاسی کوردی.

## سەرچاوەکان


کتێبەکان بەزمانی کوردی:

- ئەبوسعود، صەلاح، ( 2019)، موعتەزیلە، وەرگێڕان: شاهۆعومەر عارف، چ1، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- الحسن، د. ئیحسان محمد،( 2019)، ڕابەرانی هخزری کۆمەڵایەتی، و: دانا مەلاحەسەن، چ1، چاپخانەی (ئەندێشە)، سلێمانی.
- ب. تراویلکە، بونکەر، ( 2008 )، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، ئەدەبیاتی کۆن و سەدەکانی ناڤین، و: حمە کەریم عارف، بەرگی دووەم، چ1، چاپخانەی حانی، دهۆك
- باپیر، د. محەمەد کەمال عەلی، ( 2000 )، ئەنتۆلۆجیای بنەڕەتی بوونی مرۆڤ.
- بێرمەن، مارشاڵ، ( 2005)، مۆدێرنێتەی ئەزموونی، و: بۆفارسی موراد فەرهاد پور، و: بۆکوردی، مەنصور تەیفوری، چپخانەی، سیما، سلێمانی.
- پەنا، بەهنام محە مەد،( 2011)، نهێنیەکانی شارستانیەتی ڕۆمی کۆن، چ1، چاپ خانەی چوارچرا، سلێمانی.
- حەمە، ئازاد ،( 2002)، بیری پۆست مۆدێرنیزم، چ2، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- خەلیل، د. ئیبراهیم محمود، ( 2017)، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لەلاسایکردنەوە بۆ هەڵوەشێنگەرایی، و: د. محە مەد تاتانی، چ1، چاپخانەی (کارۆ)، هەولێر.

- خەلیل، ماجید، ( 2009)، کوردو بزوتنەوەی خەوارج، چ1، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

- دولوز، ژیل، ( 2010)، فەلسەفە، و: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، چ1، چاپخانەی خانی، هەولێر.

- ساڵح، هاشم، ( 2012)، لەمۆدێرنەوە بۆ جیهانگیری، و: عیرفان ئەحمەد، ئەرسەلان ئێناخ، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

- ساڵح، هاشم، ( 2012)، فیکری خۆرئاوا، محمەد، و : شوان ئەحمەد، چ2، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- ساڵح، ڕێزان، ( 2013)، پێگەی ژن لەدیدی قوبادی جەلی زادەو نەزارقەبانیدا، چپخانەی حاجی هاشم،هەولێر

- عاشقران، د.عوسمان،( 2012)، کورتەیەك لەهزری ڕۆشنگەری، و: ئەحمەد فاتح محەمەد، چ1، چاپخانەی، شڤان، هەولێر.

- عزیز، حەمید،( 2012)، سەرەتایەك لەفەلسەفەی کلاسیکی یونان، چ5، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- غالب، د. مستەفا، ( 2006)، سارتەر ڕابەری فەلسەفەی بونگەرایی، و : کەمال عەلی، چ1، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

- غالب، مستەفا، ( 2011)، دیکارت دامەزرێنەری فەلسەفەی مۆدێرن، و: کەمال عەلی، چ2، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

- قطوس، د. بسام، ( 2011)، دەروازەیەك بۆمیتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و: د. محه مەد تاتانی، چ1، چاپخانەی، شڤان، هەولێر.

- مەزهەر، د.کەمال، ( 2006)، ڕێنسانس، چ3، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

- مەحمود، د. شنۆ محەمەد، (2012)، دەق ئاوێزان لەشیعری نوێی کوردیدا بەنموونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت، چاپخانەی بینای، سلێمانی.

- مەعروف، د. کەمال، (2012)، تێوره نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەب، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

- میهرداد، ئەکرەم،( 2007)، پێشەکی دیوانی شەهیدبەتەنیا پیاسە دەکات، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- میهرین، میهرداد، ( 2009)، قوتابخانە فەلسەفیەکان، و: سیدۆ داود عەلی، چ1،چاپخانەی، ڕێنما، سلێمانی.

سەرچاوەعەرەبیەکان:( کتێبەکان):

- الحسن، د. احسان محمد، ( 1988)، علم الاجتماع، مطبعة تعلیم العالي، بغداد.

- الحیدري، ابراهیم، (2012)، النقد بین الحداثه ومابعد الحداثه ،طبعة1، دارالساقي، بیروت.

- ابراهیم، زکریا، ( 1988 )، فلسفه الفن فی فکر المعاصر، مکتبة الفجالة، مصر.

- سارتر، جون بول، 1966، الوجود والعدم، ت: عبدالحمن البدوي، ، دارالادب، بیروت.

- عماد، حسن، ( 2002)، مفهوم العبث بین الفلسفة والفن، طبعة1، دار الحکمه، قاهره.

- کلی رایت، ولیم، ( 2011)، تاریخ الفلسفه الحدیث، ت: محمود سید احمد، طبعه1، دار التنویر للطباعه والنشر والتوزیع، بیروت.

- زغبی، سمیر،( 2009 )، نتشه الفن والوهم والابداع الحیاة، دار التنویر للطباعة والنشر والتوزیع، بیروت.

- موسی، د. محمد عبدالقادر، ( 2001)، الاختراب فی تراث الصوفیة، بیت الحکمه، بغداد.

سەرچاوە بەزمانی فارسی :

- شریعتی، د. علی،( 1385)، خودسازی انقلابی، چاپ(نهم )، تهران .

فەرهەنگەکان:(زمانی کوردی):

- تاڵەبانی، د. نوری، (2012 ) فەرهەنگ، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- خاڵ، شێخ محه مەد،( 2005)، فەرهەنگ، چ2، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- موکریانی،هەژار،( 1388)، فەرهەنگ،چ5، چاپخانەی انتشاراتی سروشت، تهران.

- مەلائیسماعیل، شەوکەت ،( 2009 )، فەرهەنگ، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

فەرهەنگەکان: (زمانی عەرەبی):

- نور الدین، عصام، ( 1971)، معجم الوسیط، دار الحکمه، بیروت.

گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکان :

- بۆکانی، سابیر،( 1999 )، شۆڕبهوونەوەیەك بەرەو ناخ و پانتایی نامۆبوون، گۆڤاری (ڕامان )، ژمارە (30).

- دۆخی فەلسەفەی ئیمانیول کانت، ( 2015 )، وەرگێڕان لەفارسیەوە : سەعید کاکی ، گۆڤاری ئایدیا، ژمارەکانی ( 48- 49) .

- ڕەئوف، د.لوقمان، ( 2015 )، پۆست مۆدێرنیزم چەمك و مێژوو، گۆڤاری (ئایدیا)، ژمارەکانی ،( 52 – 53) .

- ڕۆبینسۆن، دیو،( 2015)، نیچەو قوتابخانەی پۆست مۆدێرن، وەرگێڕان لەفارسیەوە : مەجید مارابی، گۆڤاری (ئایدیا)، ژمارەکانی، (52،53).

- عوسمان، ڕایان، ( 2015 )، پۆست مۆدێرنێتە چیە، گۆڤاری (ئایدیا )، ژمارەکانی، ( 52- 53).

- لیوتار، جان فرانسو،( 2013 )، فەیلەسوفی پۆست مۆدێرنە، و: شوان ئەحمەد، گۆڤاری(ئایدیا)، ژمارە (37) .

گۆڤارو ڕۆژنامە عەرەبیەکان :

- القیق،د. نمر صبح، ( 2017)، التمرد النفسی وعیلاقه بالانتاج، مجله جامعه الفلسطین، العدد،الثانی

نامە ئەکادیمیەکان (دکتوراو ماستەر) بەزمانی کوردي :

-ڕەشید، ئەحمەد محه مەد، ( 2019 )، دیاردەی یاخیبوون لای شێرکۆ بێکەس و محەمەد ماغوط ( دیوانی ئێستە کچێك نیشتمانمە و دیوانی شرق عدن غرب الله) بەنموونە، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی .

نامەی دکتۆراو ماستەر بەزمانی عەرەبی :

- الطیب، عثمانی، ( 2016)، شعریه التمرد، شعر العربی الحدیث قراه فی دیوان احمد مطر، رساله ماجستیر قسم اللغه العربی، کلیه الاداب واللغات، جامعه محمد بوضیاف .

- عوید، امینه، ( 2017 )، التمرد النفسي، قسم العلوم التربویه والنفسیه، کلیه التربیه، جامعه القادسیه .